# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

## ساڵی 1956

لە باکوری کرمانشا خەڵکی (جوانرۆ) دەکەونە دژایەتی حوکمرانانی تارانەوە. ئەرتەشی ئێران بەهەموو هێزی خۆیەوە و بە پشتیوانی فرۆکەکانیانەوە ئەو ناوچەیە وەبەر پەلاماری خۆیان دەدەن و بە بۆمبارانێکی نامرۆڤانە تەواوی ناوچەکە خاپور دەکەن !

هەر لەوساڵەدا لە کوردستانی سوریە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆشنبیران و وەرزێران و کارگەران پێکدێ . بەرنامەی حیزبیان ناسینی کورد وەکو نەتەوە و رفورمێک لە دەوڵەتدا و دیموکراتی بۆ حکومەتی دمشق دەبێ !

ژومارەیەک لە کاربەدەستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی سوریە لە ساڵی 1959 دەگیرێن . حیزب هەر دەمێنێتەوە بەڵام بەهۆی جیاوازی گەورەی بیروڕای سیاسیەوە دەبنە چەند کوتەوە کە ئیتر هیچ مەترسیەکی وا بۆ حکومەتی سوریە پێک ناهێنن!